SORANI




# SAMORDNAD INDIVIDUELL PLAN.

# پلانی تاکەکەسی پێکەوەڕێکخراو

ئەگەر منداڵەکەت یان منداڵە گەنجەکەت یان خۆت وەك پێگەیشتووی لاو، کۆمەك وەردەگریت لە هەندێ کاروباری جودا، لەوانەیە پێتوابێ کۆمەکەکە پێویستی بە پێکەوەڕێکخستنە. ڕەنگە کاروبارەکە، بۆ نموونە وەك خوێندنگا و باخچەی منداڵان و خزمەتگوزاریی کۆمەڵایەتیی و دامودەستگای خزمەتگوزاریی تەندروستیی و نەخۆش بێت.
ئەو کاتە دەتوانیت یارمەتی وەربگریت تا کۆبوونەوەیەك ڕێکبخەیت تا پلانێکی تاکەکەسی پێکەوەڕێکخراو دانەیت کە پێی دەوترێت سیپ SIP.

## کۆبوونەوەی سیپ

لە کۆبوونەوەیەکدا، تۆ و خەڵکی تر کە لەگەڵتان، پلاندادەنەن و بڕیاری ئامانجەکانی هاوبەش و دابەشکردنی ئەرکەکان بەسەر ئامەدەبوواندا، دەدەن و دەینووسن لە پلانێکی تاکەکەسی پێکەوەڕێکخراودا. دوای ماوەیەك جارێکیتر یەکتر دەبینن و باسی چۆنییەتی ڕۆیشتنی کاروبارەکە دەکەن و ئەگەر پیویستی کرد، گۆڕانکاری دەکرێت لە پلانەکە.

بۆ ئەوە بتوانرێت کۆبوونەوەیەکی سیپ ڕێکبخرێت، پێویستی بە ڕەزامەندیتە یان ڕەزامەندیتانە بۆ ئەوە کۆببنەوە. تۆ بەشداری کۆبوونەوەکە دەبیت و پلانی کۆبوونەوەکە دادەنەن و بڕیار دەدەن داوەت کێ بکرێت.

پاش کۆبوونەوەکە تۆ/ئێوە پلانە نووسراوەکە وەردەگرن.

## ئایە دەخوازیت یارمەتی وەربگریت بۆ ڕێکخستنی پلانێکی سیپ؟

ئەگەر دەخوازیت یارمەتی وەربگریت بۆ ڕێکخستنی پلانێکی سیپ، قسەبکە لەگەڵ کەسێك کە پەیوەندیت هەیە لەگەڵیدا لە باخچەی منداڵان یان خوێندنگا یان خزمەتگوزاریی کۆمەڵایەتیی یان دامودەستگای خزمەتگوزاریی تەندروستیی و نەخۆش.